# پەنابردن بۆ چاک و شەخس وەکو پاشماوەی بیری ئەفسانەیی

**د. رزگار عبدالله احمد**
فاکەلتیيا پەروەردە- زانکۆیا سۆران- هەرێما کوردستانێ/ عێراق

**پوختە**

فرەخوداپەرستی یەکێکە لە سیما دیارەکانی بیری ئەفسانەیی و مێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی بەرایی، بەڵام بە هۆی دەرکەوتنی ئایینە ئاسمانییەکان گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەر بیری فرەخوداپەرستی و شێوازی گوزارشتکردن لەو بیرە هاتووە. کۆمەڵگەی کوردیش، هاوشێوەی سەرجەم کۆمەڵگەکانی تر خاڵی نییە لە پاشماوەی ئەو بیرە ئەفسانەییە و خاوەنی کۆمەڵێک دابونەریتی پەیوەست بەم بیرەیە، کە لە سەردەمی ئەفسانەییەوە بۆی ماوەتەوە. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (پەنابردن بۆ چاک و شەخس وەکو پاشماوەی بیری ئەفسانەیی)، هەوڵدەدات کلتوری پەنابردن بۆ شەخس و چاک لە گوندەکانی بەری مەرگە بخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، هەروەها ئەوەش ڕوونبکاتەوە، کە بۆچی وێڕای ئەوەی ئەم کلتورە ناکۆکە لەگەڵ ئایینی یەکتاپەرستی پارێزگاری لێکراوە. بۆیە گریمانەی ئەوە دەکرێت ئەم کلتورە ڕیشەیەکی کۆنی هەبێت و مێژووی سەرهەڵدانەکەی بگەڕێتەوە بۆ قۆناغە سەرەتاییەکان. لە پاڵ ئەوەشدا پەیوەندی نێوان فرەخوداوەندی و پەنابردن بۆ شەخس و چاک پەرستی ڕووندەکرێتەوە.

ئەم توێژینەوەیە پێڕەوی لە ڕێبازی (وەسفی- شیکاری) دەکات و تێیدا هەوڵدەدرێت ئەوە بخرێتەڕوو، کە فرەخوداپەرستی لەژێر کاریگەریی ئایینە یەکتاپەرستییەکان گۆڕانکاری بەسەر بەشێک لەسیما دیارەکانیدا هاتووە و لەگەڵ بنەماکانی ئایینی ئیسلامدا ڕێکخراوەتەوە، کەچی وێڕای ئەوەش کرۆکی بیرە ئەفسانەییەکە لە ناو دابونەریتی ئەم ناوچەیەدا ماوەتەوە. بایەخی توێژینەوەکە لەوەدایە، ئەوە دەسەلمێنێت، کە تا ئێستاش پەنابردن بۆ چاک و شەخس وەکو پاشماوەی بیری فرەخوداوەندەی لە گوندەکانی بەری مەرگە پێڕەودەکرێت، لەم توێژینەوەیەدا ئەوەش پشتڕاست دەکرێتەوە، کە کۆمەڵگەی کوردیش وەکو هەموو کۆمەڵگەکانی تر بێبەش نییە لە بیری فرەخوداپەرستی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی کاریگەریی ئایینی ئیسلام بەشێوازێکی تر دەرکەوتووەتەوە، کە دەشێت ئەمە وەکو بیری ئەفسانەیی کۆمەڵگەی کوردی لێیبڕوانرێت.

یەکێک لەو ئەنجامە گرنگانەی ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە ئەوەیە، کە بەشێک لە چاک و شەخسەکانی گوندەکانی بەری مەرگە هاوشێوەی خوداوەندەکانی سەردەمی ئەفسانەیی کار و ئەرکێکی دیاریکراویان پێ سپێردراوە و مەرج بووە قوربانیان بۆ بکرێت، وێڕای ئەوەی بەشێکی تریشیان پێویست بووە شتی تریان بۆ بکرێت بە نەزر وەکو: گوێز، بایەو، کولێرە، دانو، ساوەر، نوقڵ، شلکێنە، پارە، مێوژ ... هتد.

**پەیڤێن سەرەکی:** *بیری ئەفسانەیی، مردووپەرستی، شەخس و چاک، نەزر و خێر، قوربانی.*

---

**پێشەکی**

ڕیشەی فرەخوداوەندیی و کار و ڕۆڵی جیاوازی خوداوەندەکانی قۆناغی ئەفسانەیی و پێکچوونی کار و ئەرکی خوداوەندەکانی قۆناغی بەرایی و چۆنیەتی نەزر و خێر و قوربانیکردن بۆیان لەگەڵ ئەو کار و ئەرکانەی خەڵکی مەرگە و گوندەکانی بەری مەرگە[i] بە چاک و شەخسەکانی ئەو ناوچەیەیان بەخشیوە، هەروەها هاوشێوەیی لە نەزر و خێر و قوربانیکردن بۆ ئەم چاک و شەخسانە، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ توێژینەوە لە بارەی کار و ڕۆڵە جیاوازەکانی (چاک و شەخس)ەکانی، بەری مەرگە وەکو بیرێکی ئەفسانەیی.

خەڵکی بەری مەرگە، چونکە هاوشێوەی خەڵکی زۆربەی ناوچەکانی دیکەی کوردستان باوەڕیان بە ئایینی ئیسلام هێناوە و پابەندن بە بنەما سەرەکییەکانی ئەم ئایینەوە، بەڵام ئەوەی سەرنجی ئێمەی ڕاکێشاوە و نامۆیە بە ئایینی ئیسلام و ناکۆکە لەگەڵی، چۆنییەتی مامەڵەکردنی خەڵکی ئەم ناوچەییە لەگەڵ ئەم چاک و شەخسانە، چونکە ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە؛ بەپێی ئایینی ئیسلام ناکرێت کەسی باوەڕدار بەم ئایینە پەنابەرێت بۆ هیچ هێز و دەسەڵاتێکی تر لە دەرەوەی دەسەڵاتی خودایەکی تاک و تەنیا.

ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی، کە بچینە بنج و بنەوانی ئەم بیرە ئەفسانەییە، هەرچەندە ئاماژەکان ئەوەمان پێدەڵێن، کە ڕەگ و ڕیشەیەکی زۆر کۆنتری هەبێت لە ئایینی ئیسلام و بۆ خۆبەدوورگرتن لە هەر لێکدژییەک لەگەڵ بنەماکانی ئەم ئایینە و پەردەپۆشکردن بە مەبەست بە هەندێ ناونیشان و ڕەمزی دیاری ئایینی ئیسلام، وەک (ئەسحابە – چاک – شەخس - مەلا - شێخ،) ئەم بیرە زیندو کرابێتەوە و داڕێژرابێتەوە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە سەرەداوی ئەم بیرە دەستنیشان بکرێت.

هەرچەندە پەنابردن بۆ شەخس و چاک وەکو پاشماوەیەکی بیری ئەفسانەیی مێژوویەکی زۆر کۆن و دێرینی هەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کە دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێکی بیرکردنەوەی ئەفسانەیی مرۆڤ کورد لە قۆناغی بەراییدا، بەڵام وێڕای ئەوەش بەپێی زانیارییەکانی ئەم توێژینەوەیە لە کایەی ئەکادیمی و ئەدەبی کوردیدا هیچ

لێكـۆڵینەوەیەكی تـایبەت لەسـەر ئەم بـابەتە ئەنجـام نەدراوە، سـەرەڕای ئەوەی چەنـدین تـوێژینەوەی لەسـەر لایەنە جۆراوجۆرەكـانی ئەفسـانەی كـوردی بە ئەنجـام گەیشـتوون، بەڵام زۆربەی ئەو تـوێژینەوانە كەم تـا زۆر بەلای ئەم بـابەتەدا نەچـوون، بـۆیە لەم تـوێژینەوەیەدا هەوڵـدەدرێت بە وردی قسـە لەسـەر پەنـابردنی خەڵـك بـۆ شـەخس و چـاك بكرێـت و ئەو دیـوانەی بیـرەكە ڕوونبكـرێنەوە، كە پەیوەسـتن بە بیـری ئەفسـانەییەوە و ڕەگێكـی ئەفسانەییان هەیە.

## گیروگرفتی توێژینەوەكە

كێشەی سەرەكیی ئەم بیرە ئەفسانەییە لە گوندەكانی بەری مەرگە ئەوەیە، كە ئەم بیـرە لە قـاڵبی ڕێ و شـوێنێكی ئـایینی ئیسـلامدا ڕێكخـراوەتەوە و وا وێنـاكراوە، كە هەڵقوڵاوی ئەم ئایینەیە و هیچ پەیوەندییەكی بە بیروباوەڕی پێش ئیسلامەوە نییە، بۆیە ساغ كردنەوە و گەڕاندنەوەی ئەم بیرە بۆ پێگە ڕەسەنەكەی خۆی، كە ڕیشەیەكی ئەفسانەیی هەیە، كـارێكی ئاسـان و بێ كێشە نییە، چونكە خەڵكی وەكو بەشێك لە بیروبـاوەڕی ئـایینی ئیسلام سەیری دەكەن لە ئێستادا، نەك وەكو بیرێكی فرەخوداوەنی ئەفسانەیی و پێچەوانەی یەكتاپەرستی، كە پێچەوانەی بنەماكانی ئایینی ئیسلامە.

بێجگە لەوەش یەكێكی دیكە لە كیشە و گیروگرفتەكانی ئەم بابەتە ئەوەیە، لەم توێژینەوەیدا تەنیا كار لە سەر بیرە ئەفسانەییەكە دەكرێت و هیچ دەقێكی ئەفسانەیی لە بەردەستدا نییە تا بكرێتە بەڵگەیەكی حشا هەڵنەگر و بێ پێچ و پەنا بۆ سەلماندنی ئەفسانەیی بوونی ئەم بیرە و بوونی شارستانیەتییەكی دێرینی ئەفسانەیی لەم ناوچەیە، كە مێژووی سەرهەڵدانەكەی دیارنییە بۆ كەی دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەوەی دیار و ئاشكرایە ئەوەیە پەنابردنی خەڵك بۆ شەخس و چاك پاشماوەی بیرێكی ئەفسانەیی كۆنە، كە لە هیچ شوێنێكی ئایینی ئیسلامدا جێگەی نابێتەوە، هەروەها ئاماژەیەكی ڕوونە، كە پێش ئایینی ئیسـلام خەڵكـی گونـدەكانی بەری مەرگە بە قۆنـاغی ئەفسـانەییدا تێپەڕیـوون و ئەم كلتورەش پاشماوەی بیروباوەڕی ئەم قۆناغە ئەفسانەییەیە.

## ئامانجی توێژینەوەكە

پەیوەستكردنەوەی (پەنابردن بۆ شەخس و چاك)ە، بە بیری ئەفسانەیی و قۆناغە ڕەسەنەكەی خۆیەوە، كە قۆناغی ئەفسانەییە.

## هۆكاری هەڵبژاردنی توێژینەوەكە:

پەنابردن بۆ شەخس و چاك، كە پاشماوەی بیرێكی ئەفسانەییە لە چوارچێوەی ڕێوڕەسمەكانی ئایینی ئیسلامدا بابەتێكی جێگەی سەرنج و ڕامان بوو، چونكە زۆرجار ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە، كە ئایا گەلی كورد ئەفسانەی هەبووە؟ یان ئەفسانەی هەیە؟ ئەم

تـوێژینەوە دەیەوێـت ئەم گومـانە بـڕەوێنێتەوە و بڵێت: ئەگەر گەلـی کـورد، لەبەر بـارودۆخی سیاسـی و داگیرکـاریش نەی توانیبێـت پارێزگـاری لە دەقە ئەفسـانەییەکانی بکـات و دەقێکی ئەفسانەییشی نەبێت لە ئێستادا، ئەمە گوزارشت نییە لەوەی کە کورد ئەفسانەی نەبووە، چونکە ئەگەر کورد خاوەنی ئەفسانەی خۆی نەبووبێت چۆن سەرەڕای ئەو هەموو نـاکۆکی و نەگونجـانە لەگەڵ ئـایینی ئیسـلامدا چـۆن پاشـماوەی بیـری ئەفسـانەیی لە چوارچێوەی ڕێوڕەسمەکانی ئایینی ئیسلامدا پارێزراوە؟ چونکە ئایینی ئیسلام ئاڕاستەیەکی یەکتاپەرستی و بیرە ئەفسانەییەکەش ئاڕاستەیەکی فرەخوداوەندی هەیە.

## گرنگیی توێژینەوەکە

به پشتبەستن بە سەرچاوە و بەڵگەکانی تایبەت بە ڕەگ و ڕیشەی خوداوەندەکانی قۆنـاغی ئەفسـانەیی و فرەخوداوەنـدی لای گەلانـی دیـکەی نـاوچەکە و جیهـان، ئەم تـوێژینەوەیە ئەوە دەخـاتەڕوو، کە لە گونـدەکانی بەری مەرگەش لە پـاڵ ئـایینی یەکتاپەرسـتی ئیسـلام، پاشـماوەی بیرێکـی ئەفسـانەیی بە زینـدووی مـاوەتەوە، کە ئەویـش پەنابردنە بۆ شەخس و چاک وەکو بیری فرەخوداوەندی، ئەمەش گەواهیدەری ئەو ڕاستییەیە، کە کـورد لە ڕابـردوودا دەقـی ئەفسـانەیی هەبـووە و مێژوویەکـی دێرینیشـی هەیە و ئەو مێژووەش دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغەکانی پێش مێژوو، کە قۆناغی بەرایی و ئەفسانەییە.

## میتۆدی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی وەسفی و شیکاری بەستراوە.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە

بێجگە لە پێشەکی و ئەنجام، لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، تەوەری یەکەم تیـۆرییە بـاس لە: ڕیشـەی خواوەنـدەکان و چـۆنییەتی سـەرهەڵدانی فرەخوداوەنـدی دەکـات، تەوەرەی دووەم بە شێوەیەکی پراکتیکی لە دیاردەی (پەنـابردن بـۆ شـەخس و چـاک وەکـو پاشماوەی بیرێکی ئەفسانەیی) دەدوێت، لای خەڵکی گوندەکانی بەری مەرگە، لە کۆتایی توێژینەوەکەشـدا بە پێـنج خـاڵ ئەنجـامی تـوێژینەوەکە خـراوەتەڕوو لەگەڵ ئامـاژەکردن بە لیستی ناوی سەرچاوەکان.

### ١. ڕیشەی خواوەندەکان و چۆنییەتی سەرهەڵدانی فرەخوداوەندی

ڕیشـە خوداوەنـدەکان و چـۆنییەتی پەیـدابوونی بیـری بە خوداوەنـدکردنی مـرۆڤ و مـردوو، یەکـێکە لەو بـابەتە گرنـگ و پڕبایەخـانەی جێگـای پرسـیارە و زۆربەی تـوێژەرانی بـواری ئەفسانەناسـی سـەرقاڵ کـردووە و وێڵبـوون بەدوای وەڵامەکەیدا. بۆ ئەم مەبەسـتەش لەم تەوەرەی تـوێژینەوەکەدا هەوڵدەدرێت بە پشـت بەسـتن بە سـەرچاوە و توێژینەوەکـانی ئەم بـوارە وەڵامێکی گونجاو بۆ ئەم پرسیارە بدۆزرێتەوە.

دەربـــارەی ڕیشـــە و ڕەگەزی خوداوەنـــدەکانی نـــاو ئەفســـانە دەوترێـــت: ســـەرجەم خوداوەندەکانی سەردەمی ئەفسانەیی کەسانێکی دیار و کاریگەری ناو کۆمەڵگە بوون لە قۆناغە مێژووییەکانی پێشتردا، کە دوای مردنیان خەڵک بە پیرۆز لێیان ڕوانیون و پەرســـتوویانن (ئەلســـەواح، ٢٠٢٢: ٣١٣) ئەمەش گوزارشـــتە لەوەی ئەو کەســـانەی لە ئەفسانەکاندا وەکو خوداوەند لێیان ڕوانراوە، کەسانێکی سادە و ئاسایی ناو کۆمەڵگە نەبوون و خاوەنی هێز و دەسەڵات بوون، بەڵام خەڵکی پاش مردن وەکو خوداوەندێکی خاوەن هێز و دەسەڵات لێیان ڕوانیوون.

سەرچاوەیەکی تریش پشتگیری ئەم ڕایە دەکات و لەم بارەوە دەڵێت: ((هەواڵێکی زۆر باوەڕپێکراو لەبەردەست دایە سەبارەت بەو خوداوەندانەی، کە دەڵێن: ڕۆژگارێک کۆمەڵە ئادەمیزادێک بوون و بۆ هەر کامیان بەپێی تایبەتمەندی تایبەت، باری کەسی، ڕەفتار و بارودۆخ و کەسێتییەکەی، داب و نەریت و ڕێوڕەسمێکی پیرۆز دامەزرابوو))(ناردۆ، ١٣٨٤: ١٢٥) هەر ئەمەش وایکـــردووە هەر خوداوەنـــدێک خـــاوەن تایبەتمەنـــدییەکی جیـــاوازتر بێـــت لە خوداوەندەکانی دیکە و پێگە و ئەرکەکەشی جیاوازتر بێت، کە بەم هۆیەشەوە بۆ هەر بابەتێـــک خوداوەنـــدێکی تایبەتیـــان دەستنیشـــانکردووە و ســـەر زەمینیـــان پڕکـــردووە لە خوداوەنـــدی جۆراوجـــۆر، کە بەم شـــێوەیە کلتـــوری فرەخوداوەنـــدەی ســـەریهەڵداوە و پەرەی سەندووە.

یـاخود لە گوزارشـتێکی تـردا دەربـارەی ڕیشـە و ڕەگەزی خوداوەنـدەکانی قۆنـاغی بەرایـی وتـراوە: ئەو خوداوەنـدانەی، کە مرۆڤـی سـەرەتایی پەرسـتوونی، لە واقیعـدا سـەرکردە و کەســـانی بە دەســـەڵات بـــوون، دوای مردنیشـــیان هێـــز و دەســـەڵاتەکەیان لە ژیـــنگە کۆمەڵایەتییەکەیانـدا هەر بە چـالاکی مـاوەتەوە، چەنـد نەوەیەک دوای مردنـی خۆیـان پەرســـتوویانن و فەرزی پەرستشـــیان بـــۆ ئەنجـــام داون(الســـواح، ٢٠٢٢: ٣١٦- ٣١٧) ئەوەی ئەم بۆچوونە جیادەکاتەوە لە ڕایەکەی پێشتر ئەوەیە، بەپێی ئەم ڕایە مەرج بووە، خوداوەندەکان کەسانی بە دەسەڵات و خاوەن پلەوپایەی ناو کۆمەڵگە بن و بە هۆی دەسەڵاتەکەیانەوە بە زیندووی و بە مردوویش خەڵکی پەرستوونی و وەکو خوداوەند لێی ڕوانیوون.

کلتوری بە خوداوەندکردنی سەرۆک خێڵەکان تا ئێستا کۆتایی پێنەهاتووە، بۆیە دەوترێـت: ((زۆرێـک لە خێڵەکـان و گەلەکـان، وەک خێڵەکـانی ئەفریقـا و گەلـی چـین، سـەرخێڵەکەیان یـان پادشـاکەیان لە هێنـانی پەرجـودا، بە خوداوەنـدێکی پیـرۆزی بەتوانـا دادەنێن))(موسـا، ٢٠١٩: ٧٩) ئەمەش درێژەپێـدەری ئەم بیـرە ئەفسـانەییەی قۆنـاغی بەرایـیە و بەڵگەی ئەوەیە، کە زۆربەی نەتەوەکان و خێڵەکانی قۆناغی بەرایی پلەی خوداوەندیان تەنیا

بە کەسانی دەست ڕۆیشتوی ناو کۆمەڵگە بەخشیوە، کە ئەوانیش یان پاشا یان سەرۆک خێڵ بوون.

هاوکاتی بە خوداوەند زانین و پەرستنی فەرمانڕەواکانی قۆناغی بەرایی، خەڵکی وەکو دەستورێکی پیرۆز لەو داب و نەریتانەشیان ڕوانیوە، کە ئەم فەرمانڕەوایانە دایان هێناوە، کە لەم بارەوە دەوترێت: ئەوە ڕوون و ئاشکرایە و نەریتە سەرەتاییەکانیش ئەوەیان سەلماندووە، فەرمانڕەوا و سەرکردەکانی قۆناغی سەرەتایی بە چاوی خوداوەند لێیان ڕوانراوە، تەنانەت ئەو داب و نەریتانەش کە ئەوان دایان ناوە وەک دەستورێکی پیرۆز سەیرکراوە، کە جێنشینەکانیان خەڵکیان ناچارکردووە بە پەیڕەوکردنی. بەمەش سیستەمی فرەخوداوەندی هاتە ئاراوە بە جۆرێک پێشترین و کۆنترین خوداوەند پێگەی خوداوەندە گەورەکانی پێدراوە و ئەوانی دواتریش ڕۆڵی خوداوەندەکانی خوارتریان پێسپێردراوە (ئەلسەواح، ٢٠٢٢: ٣١٦- ٣١٧) ئەوەی ئەم بۆچوونە جیادەکاتەوە لە بۆچوونەکانی تر، ئەوەیە ئەو خوداوەندەی مێژوویەکی دێرینتری هەبووبێت لە خوداوەندەکانی دیکە، ئەو خوداوەندە گەورەترین خوداوەند بووە، ئەمەش گوزارشتە لەوەی، کە لەسەر بنەمای هێز ڕیزبەندی خوداوەندەکان دیاری نەکراوە، بەڵکو لە سەر بنەمای درێژترین مێژوو خوداوەندەکان لە گەورەوە بۆ بچوک ڕیزکراون.

دانەپاڵی بابەتی سەروی سروشتی دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە بەسەرهاتی ڕاستەقینەی ئەو خوداوەندانە، لە گێڕانەوەکاندا پێچەوانە کراونەتەوە و ترش و خوێ کراون، بەمەش بوونە سەرچاوەی ئەفسانەی جۆراوجۆر لەلایەن شاعیران و ئەو کاهینانەوە، کە پەیتاپەیتا کاری سەیر و سەمەرەیان خستووەتە پاڵ ئەو خوداوەندانە بۆ لە خشتەبردنی تاکەکانی کۆمەڵگە، بەم جۆرە وەکو خوداوەندێک ناسێنراوون و لەلایەن خەڵکەوە قبوڵکراون(هیوم، ٢٠١٧: ٥٨) بۆیە ئەگەر سەرنجی کار و کردەوەی خوداوەندەکان بدرێت لە ئەفسانەکاندا، وێڕای ئەوەی لە بنەڕەتدا لە ڕەگەزی مرۆڤ بوون، جۆرە کارێکی وا ئەستەمیان دراوەتە پاڵ، کە بە مرۆڤی ئاسایی ئەنجام نادرێت.

سەرنجدان لە چۆنیەتی بنیادنان و دروستبوونی ئەفسانەکان ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە زۆربەی خوداوەندەکانی قۆناغی بەرایی مرۆڤ بوون، کە بەهۆی پەسندکرنیان لە لایەن خەڵکەوە چوونەتە ڕیزی خوداوەندەکانی ئاسمانەوە(هیوم، ٢٠١٧: ٥٨) کەواتە خوداوەندە کۆنەکان، مرۆڤێکی ئاسایی بوون و بە هۆی بەندایەتی کردن بۆیان و بە گەورە سەیرکردنیان لەلایەن خەڵکەوە چونەتە ڕیزی خوداوەندەکانەوە.

لەم گۆشەنیگایەوە دەوترێت: خوداوەندەکانی یۆنان ((هەموویان لە شێوەی مرۆڤ و تایبەتمەندی مرۆڤ وێنەدەکران))(پنا، ٢٠١٥: ١٠) چونکە لە بنەڕەتدا زۆربەی خوداوەندەکانی

قۆناغێ بەرایی مرۆڤێکی ئاسایی بوون، بەڵام بە هۆی پلە و پایە و دەسەڵاتەوە خەڵکی گەیاندوویاننە ئاستی خوداوەندەکان و پەرستوویانن.

کەواتە هیچ جێگای سەرسوڕمان نییە و زۆر ئاساییە ((ئەگەر پاڵەوان و خواوەندە ئوستوورەییەکانی یۆنانی بەم چەشنە لەسەر شێوەی ئادەمیزاد و مرۆڤ ئاسا بوون، چونکە ئێستا دەزانین زۆربەی ئەم چیرۆکانە لەسەر بنەمای کەسێتی و ڕووداوە ڕاستەقینەکانی سەر بە ڕۆژگاری پێش چاخی زێڕین دروست بوون))(ناردۆ، ١٣٨٤: ١٤) چونکە ئەم خوداوەندانە لە بنەڕەتدا مرۆڤ و کەسانی خاوەن دەسەڵات و پلەوپایەی ناو کۆمەڵگەبوون و هەر ئەوان پاڵەوانی ڕووداوە ڕاستەقینەکانی قۆناغی بەراییش بوون.

ئەفسانە ڕۆمانییەکان، چونکە لە ژێر کاریگەری ئەفسانەی یۆنانییەکان نوسراونەتەوە، بۆیە لە ئەفسانە ڕۆمانییەکانیشدا، ((خوداوەندەکان زیاتر وەکو کارەکتەرێکی مرۆڤ ئاسا بەدیاردەکەون، بۆ نمونە زەماوەند دەکەن، منداڵیان دەبێ، خەریکی ڕابواردن و مەیخواردنەوە و دڵداری کردنن، وەکو ئادەمیزادێک تورە دەبن و خۆیان دەخەنە ناو گۆڕەپانی شەڕی ئادەمیزادەکانەوە))(ناردۆ، ٢٠٠٦: ١٠) ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە زۆربەی خوداوەندەکانی ڕۆمانییەکان لە بنەڕەتدا مرۆڤێکی ئاسایی بوون، لەبەر ئەوەیە هەموو سیفاتەکانی مرۆڤیان تێدا دەرکەوتووە و وەکو مرۆڤ دەرکەوتون و بەشداریان کردووە لە کێشمەکێشمەکانی مرۆڤدا.

قوربانی و نزا و نوێژکردن بۆ باو و باپیران پاش مردن، هەمان کلتوری بە خوداوەندکردنی مردووە، کە لەم بارەوە دەوترێت: ((مرۆڤ باوانی یان باپیرانی مردووی پەرستووە و بە نزاکان- نوێژ- و خواردن- قوربانی- لەخۆی ڕازی کردوون))(موسا، ٢٠١٩: ٣٣) ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە، کە مرۆڤ لە قۆناغی بەراییدا تا باوان و باپیریان لە ژیاندا بووبن نەیان پەرستوون و وەکو خوداوەند لێیان نەڕوانیون، بەڵکو کردەی بە خوداوەند کردن لە پاش مردنەوە دەستی پێکردووە.

هۆکاری پەرستن و بە خوداوەندکردن مردوو بۆ گواستنەوەی گیانی ئەو مردووە دەگێڕێتەوە بۆ ئاستی میتافیزیکی، کە لەم بارەوە دەوترێت: ((پەرستنی پێشینان لەسەر بیرۆکەیەکی کۆن دامەزراوە، کە مرۆڤی سەرەتایی باوەڕی پێی بووە و بریتییە لەوەی گیانی مردوو دوای مردن و گواستنەوەی لەئاستی دونیاییەوە بۆ ئاستی میتافیزیکی پیرۆز، هێزێکی تری باڵا و سەروو توانای مرۆڤ وەردەگرێت و وای لێدەکات توانای کارلێکردنی هەبێت لەسەر ژیان و بوونیان، جا بە چاک یان بە خراپ)) (السواح، ٢٠٢١: ٨٢) هۆکاری پەرستنی مردوو لەلایەن مرۆڤی سەرەتاییەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لایان وابووە، ئەو مردووە دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لەسەر گۆڕینی بارودۆخی ژیانیان، جا ئەگەر بیپەرستن و

ڕۆحەکەی ڕازی بکەن ژیانیان بە ئاڕاستەیەکی باشدا دەگۆڕێت، بەڵام گەر ڕازینەکەن ئەوا بارودۆخی ژیانیان خراپ دەکات.

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە و شایانەی ئەوەیە قسەی لەبارەوە بکرێت ئەوەیە؛ کە مردووپەرستی ڕیشەی بیری فرەخوداوەندییە، کە بیرێکی ئەفسانەییە، چونکە هەر خێڵ و هۆز و خێزانێک سەرۆک خێزان و سەرۆک هۆز و سەرۆک خێڵەکەی خۆیان گەیاندووەتە ئاستی خوداوەندەکان و پاش مردن پەرستویانە.

ئەمەش بنەمای یەکەمین شێوازی بە خوداوەندکردنی مرۆڤ و کەسانی خاوەن پلەوپایەی ناو کۆمەڵگەیە لە مێژووی بیری مرۆڤایەتیدا، کە سەرهەڵدانی فرەخوداوەندی و پەرستنی پێشینانی لێکەوتووەتەوە (ئەلسەواح، ٢٠٢٢: ٣١٣) ئەگەر سەرنج بدرێت دەبینرێت ئەم دیاردەیە ئێستاش لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا بە شێوەی جۆراوجۆر لە چوارچێوەی ڕێوڕەسمە ئایینە جیاوازەکاندا ڕێکخراوەتەوە. بۆیە دەتوانرێت بوترێت مردووپەرستی بناغەی بیری فرەخوداوەندیی لەسەر بنیادنراوە.

بیری بە خوداوەندکردنی مردوو، مێژوویەکی دێرینی هەیە، کە بەردی بناغەکەی لە قۆناغە سەرەتایی و لای مرۆڤی بەرایی دانراوە، چونکە ئەم بیرە لای ئەوان گەڵاڵەبووە و سەریهەڵداوە، کە بە هۆی زۆری ئەو پاشا و سەرۆک خێڵ و سەرۆک خێزانانەی پاش مردن پلەی خوداوەندیان پێبەخشراوە و وەکو خوداوەند لەلایەن خەڵکییەوە پەرستراون، فرەخوداوەندی پەیدابووە و بووەتە دیاردەیەکی بەربڵاو و لە زۆربەی کۆمەڵگەجیاوازەکانی قۆناغی بەراییدا ڕەگی داکوتاوە و پەرەیسەندووە.

هەر، بۆیە دەربارەی چۆنییەتی پەیدابوون و پەرەسەندنی فرەخوداوەندی دەوترێت: زۆرجار لەنێو گەلانی بەرایی و هەندێ جار لە نێو نەتەوە شارستانیەکانیشدا دەبینرێت و دەبیسترێت، کە بە شێوەیەک دەدوێن و وەسف و مەرایی فەرمانڕەوا ستەمکارەکەی خۆیان دەکەن و تێکڕای ڕەوشت و سیفەتەکانیان زیاد لە پێویست پەسند دەکەن، لە کۆتاییدا دارودەستە نۆکەر و دەربارەکەی ئەو فەرمانڕەوایانە دەگەیەننە ئاستی خوداوەندەکان و خەڵکی ناچار دەکەن بیان پەرستن(هیوم، ٢٠١٧: ٦٤ – ٦٥) هەر بۆیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت، کە پێش هاتنی ئایینە ئاسمانییەکان مرۆڤی بەرایی بۆ هەموو دیاردەیەک خوداوەندێکی تایبەتیان هەبووە(عبدالرحمان، ٢٠١٣: ٥٩)

ئەمەش وایکردووە (دیڤد هیۆم) فرەخوداوەندی بە یەکەمین ئایینی مرۆڤ دابنێت و لەم بارەوە بڵێت: ((لە دیدی منەوە، ئەگەر چلۆنایەتی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆیی لە سەردەمی دڕندایەتییەوە تا پایەی پێگەیشتنی، تاووتوێ بکەین، دەبینین کە فرەخودایی...

یەکەمین و کۆنترین دینی مرۆڤان بووە، یان بەگوێرەی پێویستی، وێدەچێ کۆنترین بووبێت))(هیوم، ٢٠١٧: ٣١) بۆیە دەشێت ئەفسانە وەکو بنچینەی بیروباوەڕی مرۆڤی بەرایی لە قەڵەم بدرێت.

هەڵبەتە ئەمە بۆچوونێکی هەڕەمەکی و لە خۆوە نییە، چونکە هەندێ بەڵگەنامەی مێژوویی و نوسراوی دێرین ئەوە دەسەلمێنن، کە مرۆڤی بەرایی لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا بەگشتی پێڕەوی فرەخوداپەرستیان کردووە(هیوم، ٢٠١٧: ٣١)

ئەوەش ئەم باوەڕە دەچەسپێنێت، کە فرەخوداوەندی یەکێکە لەدیارترین بیرە ئەفسانەییەکانی قۆناغی بەرایی و لەم بارەوە دەوترێت: ئایینەکانی قۆناغی سەرەتایی ئایینی فرەخواوەندی بوون و چەندین خوداوەندی جیاواز تێیاندا پەرستراوە(ڕەسوڵ، ٢٠٠٤: ١٦٣) هەر لەم چوارچێوەیەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت، کە لەو قۆناغەدا ژمارەی خوداوەندەکان بێ کۆتا زۆر بووە و تەنانەت: ((لە ڕۆژگاری هیزیۆددا سی هەزار خواوەند هەبوون، بەڵام ئەرکەکانی ئەم خواوەندانە لە هەژماریان زیاتر بوون))(هیوم، ٢٠١٧: ٣٨-٣٩) دەرکەوتنی ئەو هەموو خوداوەندانە پەیوەست بووە چۆنییەتی بیرکردنەوەی مرۆڤی بەرایی و پەرستنی سەرۆک خێڵ و سەرۆک خێزان و کەسانی خاوەن دەسەڵات لە زۆربەی کۆمەڵگەجیاوازەکاندا.

ئەو بەڵگەنامانەی لە مرۆڤی بەراییەوە بە جێماون، ئەوە دەسەلمێنن، کە فرەخوداوەندی کۆنترین بیروباوەڕە مرۆڤی بەرایی بووە، کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکور و باشوور سەرجەمیان کۆکن لەسەری و شایەتی ئەو ڕاستییەن(هیوم، ٢٠١٧: ٣١)

فرەخوداوەندی بە چەشنێک لە گەشە و پەرەسەندندابووە و بڵاو بووەتەوە لە قۆناغی بەراییدا، باڵی کێشاوە بەسەر زۆربەی وڵاتانی دیکەی جیهان و ڕۆژهەڵات و ناوچەکەشدا، بۆنموونە لە بارەی فرەخوداوەندی لە میزۆپۆتامیا دەوترێت: ((خەڵکی میزۆپۆتامیا خاوەنی گەلێک خوای جۆراوجۆر بوون، هەر ئەوەش ببووە هۆی ئەوەی، کە ژمارەی پەرستگاکان زۆربن، گریمانەی ئەوە هەیە، کە ژمارەی خواوەندەکان بە شێوەیەکی گشتی زیاتر لە سێ هەزار خواوەند مەزندە دەبکرێ... (کە) خواوەندە گەورە و بە هێزەکان بۆ بیروباوەڕی گشتی بوون و چکۆلەکانیش تایبەت بوون بە کەس و کۆمەڵە بچوکەکان))(لەسووە، ٢٠١٩: ٣٩) پۆلێنکردنی خوداوەندەکان بۆ خوداوەندی بەهێز و گشتی و بچوک گوزارشتە لە زۆری و بێ ئەندازەیی ژمارەیان.

هەر لەم چوارچێوەیەدا و دەربارەی زۆری ژمارەی خوداوەندەکان و بیری فرەخوداوەندی لای سۆمەری و بابلی و ئاشورییەکان، کە یەکێک بوون لە گەلانی میزۆپۆتامیا، دەوترێت: ((ئەم فرەچەشنی و دەوڵەمەندبوونە لە خاوەندارییەتی خواوەندەکان لای سۆمەری، بابلی،

ئاشوورییەکان، وا دەکا، کە بە ئەستەمی دەستمان بە زانیارییەکان سەبارەت بە یەک بە یەک و گشت خواکان ڕابگات))(لەسووە، ٢٠١٩: ٤٠) لەبەر ئەوەی ژمارەی خوداوەندەکانیان گەلێک زۆربووە و ئەرک و بەرپرسیارییەتییەکەشیان زۆرتر و جۆراوجۆرتر بووە، بۆیە نەتوانراوە زانیارییەکانیان تۆمار بکرێت.

وابەستە بە بیری فرەخوداپەرستی لای میللەتانی تری میزۆپۆتامیا و کورد و گەلانی دیکەی ناوچەکە دەوترێت: پێش دەرکەوتنی ئایینی زەردەشتی گەلانی هیندۆ ئێرانی لە سەر بیروباوەڕی فرەخوداپەرستی بوون(قادر، ٢٠١٩: ١٣) لەم ڕوانگەیەوە نەتەوە هیندۆ ئێرانییەکان، کە کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانە هەتا کاتی دەرکەوتنی ئایینی زەردەشتی شوێنکەوتەی بیری فرەخوداپەرستی بوون.

توێژینەوە زمانەوانیەکەی دکتۆر جەمال ڕەشید پەردەی لەسەر بیری فرەخوداپەرستی لە کوردستان هەڵماڵیوە و زانیاری دەربارەی ژمارەی خوداوەندەکانی شارۆچکەی ڕەواندوز لە قۆناغی سەرەتاییدا خستووەتەڕوو، هاوکاتی ئەمە باسی کاریگەری داگیرکاریشی کردووە لەسەر بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی بیری فرەخوداوەندی و لەم چوارچێوەیەدا باسی چۆنیەتی گواستنەوەی ناوی خوداوەندەکانی ڕەواندوزی کردووە و وتویەتی: ((زیاتر لە ١٥٠ ناوی خواوەند لە شاری ڕەواندوزدا هەبوون، کاتی هاتنی گریکەکان و پاشتریش ڕۆمییەکان ئەو ناوانەیان لە وێوە وەرگرتووە، هەروەها هەندێک لەو ناوانە لە سەردەمی ئەورارتوییەکاندا کە تا ڕەواندوز فەرمانڕەواییان کردووە ئەو خواوەندگەلەیان لەوێوە گواستۆتەوە یا ناوەکانیان وەرگرتووە)) (ئێریکسۆ، ٢٠٠٦: ٦) ئەمەش ئەو ڕاستیەیە دەسەلمێنێت، کە گەلی کوردیش لە قۆناغە بەراییەکاندا وەکو زۆربەی گەلانی دیکەی ناوچەکە شوێنکەوتەی بیری فرەخوداوەندی بووە.

نەک هەر ئەوەی، کە گەلی کورد لە قۆناغی سەرەتاییدا هەڵگری بیری فرەخوداپەرستی بووە، بەڵکو لە ئێستاشدا پاشماوەی ئەم بیرە ئەفسانەییە لە قاڵب و شێوازی جیاوازدا دەردەکەوێت و هەستی پێدەکرێت.

پەنابردن بۆ شەخس و چاک لە گوندەکانی بەری مەرگە یەکێکە لە دیارترینی پاشماوەکانی ئەم بیرە ئەفسانەییە، چونکە وەکو چۆن لە قۆناغی ئەفسانەییدا خەڵکی پەنایان بۆ خوداوەندە جۆراوجۆرەکان بردووە و قوربانی و نەزراین پێشکەش کردوون، بە هەمان شێوە خەڵکی گوندەکانی بەری مەرگە پەنا بۆ شەخس و چاک دەبەن و وەکو خوداوەندەکانی قۆناغی بەرایی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن و ئەرک و ڕۆڵی هاوشێوەی خوداوەندەکانی قۆناغی بەراییان پێ بەخشیون بەجۆرێک ئەرکی زۆربەی شەخس و چاکەکان جیاوازە لە یەکتر و قوربانی و نەرزیشیان پێشکەش دەکەن.

لەم گۆشەنیگایەشەوە هەوڵدەدرێت لەم توێژینەوەیەدا ئەم جۆرە مامەڵەی خەڵکی ئەم ناوچەیە بەرانبەر بە شەخس و چاک وەکو پاشماوەی بیری فرەخوداوەندی لێکبدرێتەوە، کە خۆی لە بنەڕەتدا پاشماوەی بیرێکی ئەفسانەییە.

هەوڵدەدرێت لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی پراکتیکی لێکدانەوە بۆ دیاردەی (پەنابردن بۆ شەخس و چاک)ەکانی، بەری مەرگە بکرێت، ئەوەش بخرێتەڕوو، کە بۆچی پێویستە وەکو پاشماوەی بیری ئەفسانەیی لەم بابەتە بڕوانرێت؟

**٢. پەنابردن بۆ شەخس و چاک وەکو پاشماوەی بیری ئەفسانەیی**

پەنابردن بۆ شەخس و چاک پاشماوەی بیرێکی ئەفسانەییە، کە مێژووی سەرهەڵدانی ئەم بیرە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی ئەفسانەیی و سەردەمی مرۆڤی بەرایی، چونکە وەکو پێشتر بە دوور و درێژی باسکرا و چەندین نمونەی جۆراوجۆر خرایەڕوو لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا خەڵکی سەرۆک خێڵ و پاشا و سەرۆک خێزانەکانی خۆیان پاش مردن پەرستووە.

پەنابردنی خەڵکی گوندەکانی بەری مەرگە بۆ شەخس و چاک لە ئێستادا درێژکراوەی ئەو کلتورە مردووپەرستییەی قۆناغی بەراییە، کە مرۆڤی ئەوکات لە چوارچێوەی بیری ئەفسانەییدا مردووەکانی خۆی کردووە بە خوداوەندی خۆی و پەرستوویەتی، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئێستادا خەڵکی ئەم ناوچەیە باوەڕیان بە ئایینی ئیسلام هێناوە و ئایینی ئیسلامیش ئایینێکی یەکتاپەرستییە و ڕێگەنادات شوێنکەوتوانی بێجگە لە خودایەکی تاک و تەنیان پەنا بۆ هیچ کەسێکی تر بەرن و داوای یارمەتی لێبکەن و بیپەرستن نەک کەسێکی مردوو و بێ دەسەڵات، کە لەم بارەوە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:

((وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ ۖ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ۖ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ))،کە بەم شێوەیە لێکدانەوەی بۆکراوە: "ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم) ئەگەر بەندەکانم پرسیارت لێبکەن دەربارەم، ئەوە من نزیکم لێیانەوە، بە هانا و هاواری دوعا گۆیانەوە دەچم هەرکاتێک لێم بپاڕێنەوە و نزابکەن، دەبا ئەوانیش بە دەم بانگەوازی منەوە بێن و باوەڕی دامەزراو بە من بهێنن، بۆ ئەوەی ڕێگای هۆشیاری و ئاگایی بگرنە بەر بۆ بەدەستهێنانی سەربەرزی و سەرفرازی هەردوو جیهان"(تەفسیری ئاسان، بەرگی یەکەم: ٢٨) ئەوەی لەم ئایەتەدا جێگای سەرنجە ئەوەیە خودای گەورە دەفەرموێت: با بەندەکانم پەنا بۆمن بێنن و داوا لەمن بکەن منیش بە هانایانەوە دەچم، ئەم ئایەتە بەڕوونی پەنابردن بۆ غەیری خودا قەدەغەدەکات.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پەیدابوونی ئاینە ئاسمانییەکان بە گشتی و ئایینی ئیسلام بە تایبەتی هۆکارێکی سەرەکی بوون بۆ دامالینی سیفەتی خوداوەندی لە

پاڵەوانەکانی ئەفسانە و کۆتایی هێنان بە قۆناغی ئەفسانەیی و فرەخوداوەندی، بۆ نمونە ئەگەر سەرنج بدرێت دەبینرێت لە ئەفسانە کۆنەکاندا کۆمەڵێک خوداوەندی جۆراوجۆر دەرکەوتوون، بەڵام دوای باڵادەست بوونی ئایینە ئاسمانییەکان کۆتایی بە ڕۆڵی ئەم خوداوەندانە و فرەخوداوەندی هاتووە و سیفەتی خوداوەندی لە خوداوەندەکان سەندراوەتەوە و ئەفسانەکان بەجۆرێکی دیکە دارێژراونەتەوە و لەگەڵ ئەم ئایینە ئاسمانیانەدا گونجێندراوون(چاک، ٢٠٢٠: ٥٩- ٦٩) بۆیە ئەگەر سەرنج بدرێتە ئەفسانەکان لە دوای پەیدابوونی ئایینە ئاسمانییەکان گۆڕانکارییەکی ڕیشەییان بەسەرداهاتووە و هەموو ئەو بابەتانەی ناکۆکن لەگەڵ یەکتاپەرستی لابراوون یان بەجۆرێک گۆڕدراوون، کە تەبابن لەگەڵ ئەم ئایینە ئاسمانیانە.

وێڕای باڵادەستی و زاڵبوونی ئایینە ئاسمانییەکان، کە بە تێپەڕبوونی کات کۆتایی بە بتپەرستی هاتووە و بیری یەکتاپەرستی جێگەی گرتەوە، بەڵام بیری مردووپەرستی بە جۆرێک لە جۆرەکان و لە قاڵبێکی نوێدا خۆی دارشتەوە و مایەوە(موسا، ٢٠١٩: ٨٤) لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت بوترێت: ئەگەر پێشتر و لە قۆناغی ئەفسانەییدا بە ئاشکرایی و بێ پەردە مردوویان پەرستبێت، ئەوا لەگەڵ دەرکەوتنی ئاینە ئاسمانییەکان، خەڵکی لە ژێر ناونیشانی جیاواز و داتاشینی هەندێ نازناو وەک: (شەخس، ئەسحابە، چاک)، کە کۆک و تەبایە لەگەڵ ئەم ئاینە ئاسمانیانە، جارێکی دیکە لە ژێر چەتری ئەم ئایینە ئاسمانیانە درێژەی بە مردووپەرستی داوە، هەرچەندە مێژووی سەرهەڵدانەکەی زۆر دێرینە و ڕیشەیەکی ئەفسانەیی هەیە و هیچ پەیوەندییەکی بە ئەم ئایینە ئاسمانیانەوە نییە.

هەر ئەمەش وایکردووە بوترێت: ((هۆکاری گرنگی مانەوە و بەردەوامبوونی ئوستوورە دێرینەکان ئەوە بوو، کە هەرگیز بەولاوە نەنران و لەبیر نەکران))(ناردۆ، ٢٠٠٦: ١٢٤) بۆیە سەرەڕای باوەڕهێنانی خەڵکی گوندەکانی بەری مەرگە بە ئاینی ئیسلام، کە ئاینێکی ئاسمانی و یەکتاپەرستییە، بەڵام دەستیان هەڵنەگرتووە لە پەنابردن بۆ شەخس و چاک، کە درێژکراوەی بیرێکی ئەفسانەیی و مردووپەرستییە.

کۆمەڵێک شەخس و چاک و ئەسحابە لە گوندەکانی بەری مەرگە بەدیدەکرێن، کە خەڵکی ئەو ناوچەیە لە کاتی گرفتاریدا بۆ چارەسەری کێشەکانیان پەنایان بۆ بردوون، ئەوەی جێگای سەرنجە و پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت ئەوەیە زۆربەی ئەو شەخس و چاک و ئەسحابانە لەلایەن خەڵکەوە یەک ڕۆڵ و ئەرکیان پێ سپێردراوە، کە ئەمەش ڕێک هاوشێوەیە لەگەڵ ڕۆڵ و ئەرکی خوداوەندە جۆراوجۆرەکانی قۆناغی ئەفسانەیی، چونکە لە قۆناغی ئەفسانەییدا لە هەر ناوچەیەکدا کۆمەڵێک خوداوەند هەبوون، کە کاری هەریەکەیان جیاواز بووە لە کاری ئەوانی دیکە، بۆ نمونە:

(خوداوەندی باران، خوداوەندی ڕوناکی، خوداوەندی خۆشەویستی، خوداوەندی شەڕ، خوداوەندی دەریـا)، کە لێـرەدا هەوڵـدەدرێت یەک بەیەک قسـە لەسـەر زۆربەی شـەخس و چـاک و ئەسحابەکانی بەری مەرگە بکرێت و ئەوەش بخرێتە ڕوو، کە کاری هەریەکێکیان چییە و خەڵکی چیان بۆ کردوون بە نەزر و قوربانی.

چـاک و شەخسـەکانی مەرگە و گونـدەکانی بەری مەرگە بەپێـی زانیـاری و بەدواداچونەکانی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە (٢٢) شەخس و چاک، کە ئەمانەن:

### ١,٢. (چاکی کۆکە ڕەشە)

دەکەوێتە سنوری گوندی مەرگە لە بەری مەرگە، خەڵکی تەنیا بۆ چارەسـەری کۆکە ڕەشە سەردانیان کردووە و پەنایان بۆ بردووە. ڕێ و شوێنەکانی سەردانیکەرانی ئەم چاکە جیاوازترە لە سەرجەم چاک و شەخسەکانی تری بەری مەرگە، چونکە لە تەنیشت ئەم مەزارگەیەوە دوو تـــــاوێرە بەردی گەورە هەیە، کە بەشـــــێوەیەکی وا بەیەکەوە هەڵپەسێردراون (بۆشاییەک – کونێک) لە نێوان ئەم دوو بەردەدا دروست بووە، ئەو کەسەی بە مەبەستی چارەسەر سەردانی ئەم چاکە دەکات پێویستە سێ جار بە نێوان ئەم دوو بەردەدا واتا (ناو ئەو بۆشاییەی لە نێوان ئەم دوو بەردە)دا، دروست کراوە هاتوچۆ بکات. دەربارەی قوربانی و نزر و خێر کردن بۆ ئەم چاکە دەوترێت: پێویست بووە پارە و نوقڵ و جوکلیات و پسکیتی بۆ بکرێت بە نەزر و خێر.

دەوترێت لە قۆناغی بەراییدا، بیری فرەخوداوەندی بە جۆرێک لە گەشەدابووە، کە تەنانەت پـژمەش خوداوەنـدێکی تایبەت بەخۆی هەبووە(هیوم، ٢٠١٧: ٣٩) هەرچەنـدە چـاکی کۆکە ڕەشـەی مەرگە شـێوازی ناشـتنەکەی شـێوازێکی ئیسـلامییە، بۆیە پێناچێت ئەم چـاکە خوداوەنـدێکی سـەردەمی ئەفسـانەیی و پـێش ئیسـلام بووبێـت، مەگەر خەڵکـی ناوچەکە لەگەڵ دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام لە ناوچەکە شێوازی ناشتنەکەیان گۆڕیبێت و گونجاندبێتیان، لەگەڵ ئەم قۆناغە نوێیە بۆئەوەی هەڵگرانی ئەم ئاینە تازە ڕێگرنەبن لە پەرستن و سەردانی کردن و پەنابۆبردنی، یاخود دەگونجێت پێش ئیسلام خوداوەنـدێکی تایبەت هەبووبێت بە کۆکە ڕەشـە و لە دوای هاتنی ئیسـلامیش ئەم ئەرک و ڕۆڵەیان بەم چاکە بەخشیبێت بە هۆی قەدەغەکردنی پەرستنی خوداوەندەکانی سەردەمی ئەفسانەیی.

### ٢,٢. (شەخسی باپیراجی)

دەکەوێتە سنوری گوندی مەرگە لە بەری مەرگە، دانیشتوانی گوندەکە دەڵێن: خەڵکی بۆ چارەسەری شێتی سەردانیان کردووە و پەنایان بۆ بردووە.

### ٣,٢. (چاكە چكۆڵەی مەرگە)

دەكەوێتە سنوری گوندی مەرگەی بەری مەرگە، دانیشتوانی گوندەكە دەڵێن: خەڵكی بۆ چارەسەری مێكوتە و سورێژە سەردانیان كردووە و پەنایان بۆ بردووە، دەربارەی قوربانی و نەزر و خێركردن بۆ چاكەكە دەوترێت: مەرج بوو نەخۆش خوێنی بۆ بڕێژێت و ئاژەڵێكی بۆ بكات بە قوربانی، جا چ مەڕ بووبا یان بزن، بەڵام ئەگەر كەسەكە زۆر هەژار بووبێت دەكرا كەڵەشێری بۆ بكات بە قوربانی.

### ٤,٢. (شەخسی مەلا عەولا)

دەكەوێت سنوری گوندی مەرگەی بەری مەرگە، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە مزگەوتێكیش سەر بەم شەخسەیە، بەڵام لەجیاتی ئەوەی بە ناوی شەخسەكەوە بێت بە ناوی گەڕەكێكی گوندی مەرگەوەیە و پێی دەوترێت (مزگەوتی كانی چاوان)، دانیشتوانی گوندەكە دەڵێن: خەڵكی بۆ چارەسەری تاعون سەردانیان كردووە و پەنایان بۆ بردووە، دەربارەی قوربانی و نەزر و خێركردن بۆ شەخسەكە دەوترێت: كەسوكاری نەخۆشەكە دەبوو تەنیا نێری بۆ بكەن بەخێر تا نەخۆشەكە چاكببێتەوە. ئەگەر سەرنج دەین دەبینین هاوشێوەی ئەم كلتوری قوربانیكردنە لای گریكییەكانیش بوونی هەیە، بەڵام بە شێوەیەكی جیاوازتر، كە لەم بارەوە دەوترێت: ((گریكییەكان پەرستگایان بۆ خوداوەندەكانیان دروست دەكرد، لەو پەرستگایانەدا مرۆڤیان دەكردە قوربانی خوداوەندەكان و لە خوداوەندەكان دەپاڕانەوە))(ئێریكسۆن، ٢٠٠٦: ١٠) هەرچەندە جۆری قوربانیكردنەكە لای سەردانیكەرانی شەخسی مەلا عەولا و گریكییەكان جیاوازە، بەڵام لەو رووە پێكدەچن، كە هەردوولا خاوەنی پەرستگە و مزگەوتن و دەبێت قوربانیشیان بۆبكرێت.

### ٥,٢. (شەخسی پیرۆتە سوری مەرگە)

دەكەوێتە سنوری گوندی مەرگەی بەری مەرگە، دانیشتوانی گوندەكە دەڵێن: خەڵكی تەنیا بۆ مەبەستی منداڵ بوون پەنایان بۆ بردووە و چونەتە سەر ئەم مەزارگەیە، دەربارەی قوربانی و نەزر و خێركردن بۆ ئەم شەخسە دەوترێت: مەرج بووە ڕەشە وڵاخێك یان مەڕێك یان بزنێكی بۆ بكرێت بە قوربانی.

### ٦,٢. (شەخسی كرتوون)

دەكەوێتە سنوری گوندی نۆڵچكە، كە یەكێكە لە گوندەكانی بەری مەرگە، دەوترێت: خەڵكی بۆ چارەسەری باداری و زۆربەی نەخۆشییەكان و منداڵ بوون سەردانیان كردووە، بەڵام دانیشتوانی گوندەكە پێیان وایە ئەم شەخسە تایبەتترە بە (باداری و پشت

ئێشە) و زۆربەی سەردانکەرانی بۆ ئەو مەبەستە پەنایان بۆ بردووە، ئەو نەخۆشانە سەردانی ئەم شەخسە دەکەن دەبێت مێوژ و قەسپی بۆ بکەن نەزر و خێر تا لە نەخۆشییەکە چاکببنەوە.

### ٧,٢. (چاکی شێخەلییە چکۆلە)

دەکەوێتە گوندی لۆتەر لە بەری مەرگە، دانیشتوانی ناوچەکە بە مەبەستی کوڕ بوون پەنایان بۆ بردووە، دەوترێت بنەماڵەی ئەم چاکە مێوێکیان هەبووە، لە گەڵای ئەو مێوەیان داوە بە هەر ئافرەتێکی دووگیان کە سەردانی ئەم چاکەی کردووە، چونکە باوەڕیان وابووە هەر ئافرەتێکی دووگیان لە گەڵای ئەو مێوە بخوات کوڕی دەبێت، دەربارەی قوربانی و نەزرکردن بۆ ئەم چاکە دەوترێت مەرج بووە شلکێنە و کولێرە و دانووی بۆ بکرێتە خێر تا ئاواتی سەردانی کەرەکە بێتەدی.

### ٨,٢. (ئەسحابەی چوارداران)

ئەم ئەسحابەش دەکەوێتە سنوری گوندی لۆتەری بەری مەرگە، دانیشتوانی گوندەکە دەڵێن: خەڵکی بۆ چارەسەری زۆربەی نەخۆشییەکان چوونەتەلای و پەنایان بۆ بردووە، بەڵام زۆرتر بۆ چارەسەری باداری سەردانیان کردووە. دەربارەی قوربانی و نەزرکردن بۆی دەوترێت: مەرج بوو نەخۆش دانووونی بۆ بکات بەخێر تا چاک بێت لە نەخۆشییەکەی.

### ٩,٢. (شەخسی حاجییەڵۆ)

دەکەوێتە سنوری گوندی نۆڵچکە لە بەری مەرگە، دانیشتوانی گوندەکە دەڵێن: خەڵکی بۆ چارەسەری (تا – نۆبەتێ) سەردانیان کردووە و پەنایان بۆ بردووە، ئەو ڕێ و شوێنانەی پێویست بووە لە کاتی سەردانیکردنی ئەم شەخسەدا بگیرێتە بەر، دەبوو ئەو کەسانەی سەردانیان دەکرد لەسەر شەخسەکە ئاویان بەخۆیاندا بکردایە تا چاک ببێت، لەبەر ئەوەی خەڵکی باوەڕیان وا بووە، هەر نەخۆشێک لەسەر شەخسەکە ئاو بەخۆیدا نەکات شیفای بۆ نایەت، دەربارەی قوربانی و نەزر و خێر بۆ ئەم شەخسە دەوترێت: مەرج بووە پارە یان کولێرە یان کولیچەی بۆ بکرێت بەخێر. ئەم شێوازی نەزر و قوربانیەش هاوشێوەیە لەگەڵ نەزر و قوربانی فارس و یۆنانییەکان بۆ خوداوەندەکانیان بۆ نمونە دەوترێت: فارسەکان، کە لەسەر ئایینی میترایی بوون خۆریان پەرستووە و چوار نان یان کولێرەیان بۆ کردووە بە خێر و شوێنکەوتوانی ئایینی میترایی خواردوویانە، هەروەها یۆنانییەکانیان خوانیان لەسەر قەبرەکان سازدەکرد وەکو نەزر و قوربانی(عربید، ٢٠٢١: ١٣٢-١٣٤).

### ١٠,٢. (شەخسی نزرگە سور)

دەکەوێتە سنوری گوندی کانیتوو لە بەری مەرگە، دانیشتوانی گوندەکە دەڵێن: خەڵکی بۆ چارەسەری باداری سەردانیان کردووە، دەربارەی نەزر و قوربانی کردن بۆ شەخسەکە دەڵێن: مەرج بوو نەخۆش گوێز و مێوژی بۆ بکات بەخێر تا چاکببێتەوە. ئەم

شـــێوازی نەزر و خێرکـــردنە هەرچەنـــدە ڕێـــک وەکـــو یەک نیـــیە لەگەڵ نەزر و خێـــری هینـدییەکان، بەڵام نـزیکە لەیەکەوە، چـونکە دەوترێت: چینییەکـان پـارچە تەختەیەکـی کەستانە و بەڕوویان پێشکەش بە مردوو کردووە(عربید، ٢٠٢١: ١٣٩-١٤٠).

### ١١,٢. (ئەسحابی بیوەکە)

دەکەوێتە سنوری گونـدی بیـوەکەی بەری مەرگە، دانیشتوانی گونـدەکە دەڵێن: خەڵکـی بـۆ زۆربەی کێشـە و گیروگرفتەکانیـان و چارەسـەری دڵتەنگـی و تەنگەنەفەسـی سـەردانیان کـردووە، بۆنمـونە کەسـێک مـردووی لـێ مردبێـت بـۆ نەهێشـتنی ئەو دڵتەنگیـیە سەردانیان کردووە. دەربارەی قوربانی و نەزر و خێرکردن بۆ ئەم مەزارگەیە دەوترێت: خەڵکـی نـــۆک و گەنمیـــان بـــۆ دەکوڵانـــد لەگەڵ کـــولێرە بۆیـــان دەکـــردن بە نەزر و خێـــر و دەیانبەشینەوە.

### ١٢,٢. (ئەسحابە عەبدوڵلای سەرچیا)

دەکەوێتە سـنوری گونـدی سـەرچیای بەری مەرگە، دانیشـتوانی نـاوچەکە دەڵـێن: خەڵکی بە مەبەستی منداڵ بوون سەردانیان کردووە و پەنایان بۆ بردووە، دەربارەی نزر و خێر و قوربانی کردن بۆ ئەم شەخسە دەوترێت: مەرج بووە گیسک و مەڕی بۆ بکەن بە قوربانی.

### ١٣,٢. (چاکی کاک ئەحمەد - چاکی داری ئاغەڵێ)

دەکەوێتە سنوری گوندی نۆڵچەکەی بەری مەرگە، دانیشتوانی گوندەکە دەڵێن: کچان و کوڕانی تازەپێگەیشتوو بۆ مەبەستی بەدیهاتنی ڕاز و نیـازی هاوسـەرگیری پەنایـان بـۆ بـردووە زیـاتر تـایبەت بـووە بە بـابەتی هاوسـەرگیری و بەیەکگەیانـدنی ئەوینـدارا. ئەم چـاکەش شـێوازێکی تـایبەت و جیـاوازتری هەبـووە لە چـاک و شەخسـەکانی تـر، چـونکە جیـاوازتر لە چاکەکـانی تـر ئەوانەی سـەردانیان کـردووە بەردیـان نـاوە بەکێلـی قەبـری چاکەکەوە، ئەگەر کێلەکە بەردەکەی بگرتبایە ئەوە ئەو باوەڕەیان لا دروست دەبوو، کە بە هیوایەتەکەیان دەگەن و بە دڵخوازی خۆیان شاد دەبـن، بەڵام ئەگەر بەردەکە کێلەکەی نەگرتبایە بێ هیـوا دەبوون و پێیـان وابـوو نـاگەن بە خۆشەویستەکەیان. دەربارەی قوربـانی و نەزر و خێرکردن بۆ ئەم مەزارگەیە دەوترێت: پـارچە پەڕۆ و قوماشـیان بۆ هەڵدەواسـی و نوقڵ و چوکلیاتیان بۆ دەکرد بە خێر.

ئەوەی ئەم شەخسـە دەبەسـتێتەوە بە بیـری ئەفسـانەییەوە و زیـاتر پەیوەنـدی داری دەکـات پێیەوە ئەوەیە، کە بـابەتی هاوسـەرگیری لە قۆنـاغی ئەفسانەییدا یەکێـک بـووە لەو بـابەتە پـڕ بایەخـانەی ڕۆڵێکـی گرنگـی گێـڕاوە لە پەرەسـەندنی فرەخوداوەندیـدا، لەم گۆشەنیگایەشەوە وتراوە: بابەتی هاوسەرگیری لە ئەفسانەکاندا بە ئەندازەی هەمـوو کـارە جۆراوجۆرەکـانی تـر گرنـگ بـووە و ژمـارەی خوداوەندەکانیشـی هێنـدەی ژمـارەی خوداوەندی

هەمــوو بابەتەکــانی تــر زۆربــووە، کە خوداوەنــدەکان کارەکانیــان لە نێــوان خۆیانــدا دابەشـکرابوو(هیوم، ٢٠١٧: ٣٩) لەلایەکی دیـکەوە دەتوانرێت بوترێت ئەم شەخسـە ڕۆڵەکەی نــزیکە لە ڕۆڵــی (ئەفــرۆدیتە)، کە خوداوەنــدی ئەویــن و دڵــداری بــووە لە میتۆلۆجیــای یۆنانیدا(ئریکسۆن، ٢٠٢٠: ٢٩).

### ١٤,٢. (شەخسی مزگەوتی چنارنە)

دەکەوێت سنوری گونـدی چنـارنەی بەری مەرگە، کە لە بنەڕەتـدا ئەم مـزگەوتە هـیچ مەزارگەیەکـی تێـدا نـییە، بەڵام هۆکـاری بە پیـرۆز سـەیرکردن و پەنـابردن بـۆ ئەم مـزگەوتە بـۆ ئەوە دەگەڕێـتەوە، کە لەلایەن دوو پیاوچـاک بە ناوەکـانی (شـێخ سـمایلی عەودالانـێ) و پیاوچـاکێکی دیـکەی ئـایینی بەنـاوی (مەلا ابـوبکر) دروسـتکراوە، ئەمەش ڕێــک کــۆک و تەبــایە لەگەڵ ئەو بۆچــونەی، کە دەڵێــت: ((ئەم بــوونەوەرە باڵایــانەی بە خواوەنـد ناویـان دەبەن، لە واقیعـدا تەنیـا مرۆڤگەلێکـی پێشـینانی ئەفسانەیین و لە پەیـژەی دەسەڵاتی گەردوونیدا پلە بە پلە بۆ پێگەی بـاڵاتر بەرزبـوونەتەوە ژیاننـامەی ئەفسانەییشیان دەریـدەخەن چۆن بابەتی ئەمانە وەک پیاوچاکانێکی سەر زەوی دەستی پێکردووە و دواتـریش بە خواوەنـدکردن و پەرستنیشـیان بە ئەنجـام گەیشتووە))(ئەلسـەواح، ٢٠٢٢: ٣٦٣-٣٦٤) ئەگەر بە ووردی سـەرنجی ئەو دوو شەخســە بـدرێت، کە مزگەوتــی چنارنەیــان بنیادنــاوە، ئەم دوو کەســایەتییە کەســایەتییەکی چــاکەخوازی ئــایینی بــوون و دواتــر خەڵکــی وەکــو خوداوەندەکانی قۆناغی بەرایی بەرزیان کردوونەتەوە بۆ ئاستی خوداوەندەکان و قوربانیـان بـۆ کردوون.

دانیشـتوانی گونـدەکە دەڵـێن: خەڵکـی بە گشـتی بـۆ منـداڵ بـوون سـەردانیان کـردووە و پەنـای بۆ بـردووە، بەڵام دەوترێت بەشێک لە خەڵک و سـەردانیکەرانی مزگەوتـی چنارنە تەنیا بۆ کوڕ بوون سەردانیان کـردووە و پەنایان بـۆ بـردووە، بۆیە دەوترێت ئەوانەی بە مەبەستی بوونی منداڵی کوڕ هانایان بۆ بردووە، کە چونەتە سەر شەخسی مزگەوتی چنـارنە وتویان:

هاتین بەگوڕ هاتین
بۆ کوڕ هاتین

دەربــارەی ئەو ڕێوڕســمەی، کە خەڵکـی لە کـاتی سـەردانی کردنـی ئەم مـزگەوتە ئەنجامیان داوە، دەوترێت: سەرەتا مزگەوتی چنارنە لە قوڕ و بەرد دروستکراوە و سەرەکەشـی دارەڕێ کـراوە و پاشـان گڵرێـژ کـراوە و لە ناوەڕاسـتی مـزگەوتەکە کـۆڵەکەیەک هەبـووە، ئەوانەی بۆ مەبەستی منداڵ بوون سەردانیان دەکرد، دەبوو بـاوەش بە کـۆڵەکەکەدا بـکەن و هەندێ گڵ لە حەوشی مزگەوتەکە بەرن وەکو بیرەوەری و پیرۆزی شەخسەکە.

هەروەهـا دەربـارەی قوربـانی و نەزر و خێرکـردن بـۆ شەخسـی مزگەوتـی چنـارنە دەوترێت: پێویست بوو خوێنی بۆ برێژن و قوربانی بۆ بکرێت لە مالاتی گەورەوە تا مەڕ و بـزن، بەڵام ئەگەر کەسـەکە زۆر نەدار بووبـایە ڕێگەپێـدراو بـوو مریشـکی بـۆ بکـات بە قوربانی. هەرچەنـدە جۆری قوربانی کـردنەکە جیاوازە لەگەڵ قوربانی فینیقییەکان، بەڵام هەتا ڕاددەیەک مەبەستی سەردانی کەرانی شەخسی مزگەوتی چنارنە لەگەڵ فینقییەکان لەیەک دەچێت، چونکە هەردوو لا داوای منداڵ دەکە: کە لەم بارەوە دەوترێت: فینقییەکان منداڵی کەم ئەندام و سەقەتیان بۆ خوداوەندی (بەعل و هەموون) کردووەتە قوربانی بۆ ئەوەی بۆ جاری داهاتوو منداڵێکی ساغیان پێ ببەخشێ(عربید، ٢٠٢١: ١٣٧).

### ١٥,٢. (شەخسی پیریسا)

دەکەوێت گوندی ئاوازێ لە بەری مەرگە، دانیشتوانی گوندەکە دەڵێن: خەڵکی بۆ چارەسەری نەخۆشی (سەرکەوتن- کە جۆرێکە لە سەرئێشە) سەردانیان کردووە و پەنایان بـۆ بـردووە، دەربـارەی قوربـانی و نەزر و خێرکـردن بـۆ شەخسـی پیریسـا دەوترێـت: مەرج بـووە شتێکی بۆ بکرێت بەخێر بەپێی باری ئابووری نەخۆش، بۆنمونە وەکو: باسوخ و گوێز و مێوژ و خورما و هەر شتێک کە نەخۆش دەسەڵاتی هەبووایە.

### ١٦,٢. (شەخسی شێخ برایم)

دەکەوێتە سنوری گوندی هەڵۆنێ لە بەری مەرگە، دانیشتوانی گوندەکە دەڵێن: خەڵکـی بـۆ چارەسـەری لاڕەشـەی مـاڵات سـەردانیان کـردووە و پەنایـان بـۆ بـردووە، دەربـارەی قوربانی و نەزر و خێرکردن بۆ ئەم شەخسە دەوترێت: مەرج بووە ماڵاتێکی ساغی بۆ سەرببڕن و بیکەنە قوربانی تا ماڵاتە نەخۆشەکانیان چاک ببنەوە. ئەم کلتوری قوربانی کردنەش بۆ شەخسـی شـێخ بـرایم لای هینـدی و ژاپۆنییەکـان بەدیـدەکرێت، کە لەم بـارەوە دەوترێـت: هیندییەکان (گا و ئەسپی سپی)یان کردووەتە نەزر و قوربانی بۆ خوداوەنـدەکانیان. هەروەهـا ژاپۆنییەکـانیش ئەسـپ و مانگـای سـپی و کوتـاڵی کەتانیـان دەکـردە قوربـانی بـۆ خوداوەندەکانیان(عربید، ٢٠٢١: ١٤٢-١٤٤).

### ١٧,٢. (چاکەچکۆلەی مەمەنداوە)

دەکەوێتە سنوری گوندی مەمەنداوەی بەری مەرگە، دانیشتوانی گوندەکە دەڵێن: خەڵکی بۆ زۆر نەخۆشی جۆراوجۆر سەردانیان کردووە و هانایان بۆ بردووە، بۆنمونە: باداری و سەرئێشـە و نـۆبەتێ، دەربـارەی قوربـانی و نەزر و خێرکـردن بـۆ چـاکەکە دەوترێـت: نەخـۆش بەپێی توانای خۆی دەیتوانی بایەو یان گوێز یان مێوژ یان هەنجیرەوشـکە و ... هتـدی بـۆ بکات بەخێر.

### ١٨,٢. (چاکی بێگمێ)

دەکەوێتە سنوری گوندی بێگمێ لە بەری مەرگە، دانیشتوانی دەوروبەری دەڵێن: خەڵکی داریان لێدادەنا بەمەبەستی پاراستنی لە سوتان و دزی. کەواتە ئەرکی ئەم چاکە چاودێریکردن و پاراستن بووە، ئەم تێگەیشتنەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو بیرکردنەوە ئەفسانەیەی قۆناغی بەرایی، کە لەم بارەوە دەوترێت لە قۆناغی بەراییدا: خێڵێک ئەگەر بیویستبایە شارێک یان شورای شارێک دروست بکات، نەدەوەستا هەتا گەورەپیاوێک بمرێت، تا گیانەکەی ئەم شار و شورایە بپارێزێت، ڕاستەوخۆ پاشایەک یان سەرۆک خێڵێک یان گەورەپیاوێکیان دەکوشت، بۆ ئەوەی ئەو شار و شورایە لەژێر چاودێری گیانی ئەودا بپارێزرێت، کە ئامانجی سەرەکی ئەم خو و نەریتە هێنانە ئارای خوداوەندێک بووە بۆ ئەوەی دانیشتوانی ئەو شارە بیپەرستن(موسا، ٢٠١٩: ٨٣- ٨٤).

### ١٩,٢. (چاکی پەڕۆیان)

دەکەوێت سنوری گوندی بێدەلانی بەری مەرگە، دانیشتوانی گوندەکە دەڵێن: خەڵکی بۆ چارەسەری نەخۆشی سپڵ و لاڕەشەی مالات، مالاتە نەخۆشەکەیان بردووەتە سەر، بە جۆرێک دەبوو مالاتەکە لەسەر چاکە بهێنن و ببەن تا چاک ببنەوە.

کاری چاکی پەڕۆیان ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ (پان)، کە بە خوداوەندی شوانەکان ناسراوە لە میتۆلۆژیای یۆنانیدا، هەتا ڕاددەیەک کارەکەیان لەیەکەوە نزیکە، چونکە ئەم خوداوەندە وێڕای ئەوەی شوانەکانی فێری شمشاڵ ژەنین کردووە، شوان و ئاژەڵەکانیشی پاراستووە(ئریکسۆن، ٢٠٢٠: ٥١).

### ٢٠,٢. (شەخسی دارەقەبران)

دەکەوێتە سنوری گوندی بیوەکەی بەری مەرگە، دانیشتوانی گوندەکە دەڵێن: لە کاتی وشکەساڵیدا خەڵکی پەنایان بۆ دەبرد بۆ ئەوەی باران ببارێت، هەروەها بۆ مەبەستی چاو ئێشەش خەڵکی سەردانیان کردووە، دەربارەی قوربانی و نزر و خێرکردن بۆ ئەم شەخسە دەوترێت: دەبوو ئەوانەی پەنای بۆ دەبەن گەنم و ساوەر لە گوند خڕبکەنەوە و بۆی بکەن بە دانو و پاشان بیکەن بەخێر هاوشێوەی ڕێو ڕسمی بوکە بەبارانە.

### ٢١,٢. (شەخسی شێخ محمدی مەلاسەفی)

دەکەوێتە سنوری گوندی مەلاسەفی بەری مەرگە، دانیشتوانی ناوچەکە دەڵێن: خەڵکی هەرکاتێک دەغڵ و گەنم و جۆیەکەیان توشی کرم بووبایە پەنایان بۆ ئەم شەخسە دەبرد، بە جۆرێک بە مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشی کرمی دەغڵەکەیان خەڵکی دەچونە سەر شەخسەکە و گڵیان لەسەر قەبرەکەی هەڵدەگرت و دەیانبرد و بەو

زەویانەیاندا دەکرد کە دەغڵەکەیان توشی کرم بووبوو، چونکە خەڵکی لەو باوەڕەدابوون بە پێداکردنی گڵی سەر شەخسەکە کۆتایی بە کرمی دەغڵ و دانەکە دێت.

دەربارەی جۆر و چۆنییەتی قوربانی و نەزر و خێرکردن بۆ شەخسی شێخ محەمەد دەوترێت: مەرج بووە ئەوکەسە سەردانی دەکات مانگایەک یان مەڕێک یان بزنێکی بۆ بکات بە قوربانی.

کلتوری پەنابردن بۆ قەبر و گیانی مردوو بە مەبەستی پاراستنی کێڵگەی کشتوکاڵیی لە ئافات و بەپیتکردنی زەوی کشتوکاڵی بیرێکی ئەفسانەییە و پەنا بۆ شێوازی جۆراوجۆر براوە لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، لەم چوارچێوەیەدا دەوترێت: ((هەندێ لە خێڵە نیشتەجێیەکانی ئەمریکای باشوور، لە کاتی تۆوچاندندا، کەسێک دەکوژن، چونکە بەو کارەیان گیانی کەسەکە لە جەستەی جیادەکەنەوە بۆ ئەوەی ببێت بە خوداوەندێک و بەروبوومەکەیان بەپیت بکات)) (موسا، ٢٠١٩: ٨٨) هەرچەندە پەنابردن بۆ شەخس و قوربانی کردن بۆی، لەگەڵ کردنە قوربانی کەسێک دوو بابەتی لێک دوور و جیاوازن، بەڵام ئەوەی ئەم دوو بابەتە بەیەکەوە کۆدەکاتەوە ئەوەیە سەرچاوەی هەردوو بابەتەکە بیرێکی ئەفسانەییە، چونکە ئەو شەخسە و ئەو کەسەش کە دەکرێت بە قوربانی، لە هەر دوو حاڵەتەکەدا ئەوانەی سەردانی شەخسەکە دەکەن و ئەوانەش، کە کەسەکەیان کردووە بە قوربانی هەردوولا چاوەڕوانی گیانی شەخس و کەسی قوربانی کراون، کە لە بیری ئەفسانەییدا گیانی مردووەکانیان پەرستووە و پێیان وابووە گیانی مردوو دەبێتە خوداوەند و دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە باشکردن و خراپکردنی دۆخی زیندووەکاندا.

### ٢٢,٢. (چاکی تۆخواریێ)

دەکەوێتە سنوری گوندی کونەماریێ لە بەری مەرگە، دانیشتوانی ناوچەکە دەڵێن: خەڵکی سەردانیان کردووە بۆ ئەوەی فێری پشوخواردنەوە و بلوێر لێدان بن، دەربارەی قوربانی و نزر و خێرکردن بۆی دەوترێت: مەرج بوو ئەو کەسەی سەردانی دەکات گیسک یان کاوڕی بۆ سەرببڕێ تا فێری بلوێرلێدان ببێت.

جۆری قوربانیکردن بۆ ئەم چاکە هاوشێوەیە لەگەڵ قوربانیکردنی ڕۆمانییەکان و دانیشتوانی میزۆپۆتامیا، چونکە ڕۆمانییەکان هەر خوداوەندێکیان کاهینێکی تایبەتی هەبووە، کە بە پادشای قوربانی ناسراوە و چاودێری سەربڕینی قوربانییەکانی کردووە، بەرخ و گیسک و گایان بۆ خوداوەندەکان دەکردەقوربانی، هەروەها لە میزۆپۆتامیاش بەرخیان سەربڕیوە و کردوویانەتە قوربانی بۆ خوداوەندەکانیان(عربید، ٢٠٢١: ١٣٠-١٣٦) لەلایەکی دیکەشەوە دەتوانرێت بوترێت: کار و ئەرکی ئەم چاکە هاوشێوەی (ئەپۆلۆن)ە، کە

خوداوەنـدی شـیعر و مۆسـیقابووە لە میۆلۆژیـای یۆنانیدا(ئریکسـۆن، ٢٠٢٠: ٤١) چـونکە ئەم چاکەش لە بەری مەرگە هەمان ئەرک و ڕۆڵی ئەپۆڵۆنی هەبووە لە کۆمەڵگەی یۆنانیدا.

دابەشـبوونی خوداوەنـدەکان بەسـەر هەردوو قۆنـاغی کشـتوکاڵی و شـوانکارەیی لە قۆناغی بەرایيدا بەپێی بۆچوونی توێژەرانی ئەم بوارە لە ڕێگەی ڕەگەزەوە دەناسرێنەوە، کە لەم بـارەوە دەوترێـت: ((لە کـۆمەڵگە کشـتوکاڵییەکاندا جەختیـان لەسـەر بـوونەوەرێکی خوداوەنـدییانەی مێیـنەی خـاوەن سـیفەتەکانی مانـگ دەکـردەوە، لە کاتێکـدا، کە گەلە شـوانکارەکان خواوەنـدێکی نێریـان بەرز کردبـووەوە، کە سـەروەری ئاسـمان و سـەرۆکی کـــۆڕی خوداوەنـــدانی دیـــارده سروشتییەکانە))(ئەلســـەواح، ٢٠٢٢: ٣٤١) بەپێـــی ئەم تێگەیشـتنەبێت نـاوی هەر خوداوەنـدێکی قۆنـاغی بەرایـی نێرینەبێـت ئەو کـۆمەڵگەیە لە قۆناغی شوانکارەیدا بووە و هەر خوداوەندێکیش لە ڕەگەزی مێ بووبێت، ئەو کۆمەڵگەیە لە قۆناغی کشتوکاڵیدا بوون.

لەم گۆشەنیگایەشـەوە و لە ڕوانـگەی نـاوی ئەو شـەخس و چـاک و ئەسـحابانەی خرانە ڕوو و قسەیان لەبارەوە کـرا، دەتوانرێت بوترێت، ئەگەر کار و ئەرکی ئەم شـەخس و چاک و ئەسحابانە لە پاش دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام لە خوداوەندەکانی قۆناغی بەراییەوە وەرگیرابێــت ئەوا بەپێــی ئەم تێگەیشــتنە بەری مەرگە و گونــدەکانی بەری مەرگە لە قۆنـاغی شـوانکارەییدا بـوون، چـونکە نـاوی تێکـڕای شـەخس و چـاک و ئەسـحابەکان ناوێکی نێرینەیە و پیاو بوون.

ئەوەی لە کۆتـایی ئەم بـابەتەدا پێویسـتە قسـەی لەبـارەوە بکرێـت و فەرامـۆش نەکرێت ئەوەیە: خەڵکی ئەم ناوچەیە دەڵێن: ئێمە قوربانی بۆ خودا دەکەین و داوا لە چاک و شەخسـەکە دەکەیـن بۆمـان لە خـودا بپاڕێتەوە، چـونکە ئەوانە پیاوچاکن و خـودا وەڵامـی داواکـاری ئەوان دەداتەوە، بەڵام ئەوەی جێگـای سەرسـوڕمانە و نیشـانەی پرسـیار دەخـاتە سـەر ئەم نەزر و قوربـانیکردنە ئەوەیە: خەڵکـی هەتـا سـەردانی ئەم چـاک و شەخسـانە نەکەن قوربـانی نـاکە، هەروەهـا جـۆری قوربـانیکردن و نەزر و خێرەکەشـیان پەیوەسـتە بە ئەوەی سـەردانی کـام شـەخس و چـاک دەکەن، چـونکە هەر شـەخس و چاکێـک جـۆرە قوربـانی و نەرز و خێرێکی تایبەت بەخۆی هەیە. کە ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ کلتوری خێر و نەزر و قوربانی کردن بۆ خوداوەندە مردووەکانی قۆناغی بەرایی، ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە پەنـابردنی خەڵکـی ئەم نـاوچەیە بـۆ شـەخس و چاکەکانیـان پاشـماوەی بیرێکـی ئەفسانەییە و ڕێوڕەسمێکی ئایینی ئسلام نییە.

## ئەنجام

**پاش بە کۆتا گەیشتنی توێژینەوەکە ئەم ئەنجامانە بە دەستهاتن:**

- تێکڕای چاک و شەخسەکانی بەری مەرگە (٢٢) چاک و شەخسن، کە (٨) لەم چاک و شەخسانە هاوشێوەی خوداوەندەکانی سەردەمی ئەفسانەیی مەرج بووە ئەوانەی سەردانیان دەکەن و هانایان بۆ دەبەن قوربانیان بۆ بکەن و ماڵاتیان بۆ سەرببڕن.

- (١٨) لەم چاک و شەخسانە هاوشێوەی خوداوەندەکانی سەردەمی ئەفسانەیی تایبەت بوون بە کارێکی دیاریکراو، بەڵام (٤) لەم چاک و شەخسانە خەڵکی بۆ زۆربەی کێشە و گیروگرفتەکانیان سەردانیان کردوون و پەنایان بۆ بردوون و تایبەت نەبوون بە کارێکی دیاریکراوەوە و فرە پیشە بوون.

- یەکێک لەو چاک و شەخسانە هیچ مەزارگەیەکی تیانییە و مزگەوتێکە دوو پیاوچاک دروستیان کردووە، بەڵام خەڵکی لەبەر بەرزکردنەوەی ئەم دوو پیاوچاکە بۆ ئاستی خوداوەندەکانی سەردەمی ئەفسانەیی پەنا بۆ مزگەوتەکە دەبەن و بە پیرۆز لێی دەڕوانن و داوای منداڵی لێدەکەن.

- (١٠) لەم چاکانە خەڵکی پێویست بووە شتی جۆراوجۆریان بۆ بکەن بە نەزر و خێر وەکو: گوێز، بایەو، هەنجیرە وشکە، کولێرە، دانو، ساوەر، نوقڵ و چوکلیات، شلکێنە، ساوەر، قوماش و پەڕۆ پیا هەڵواسین، پارە، مێوژ ... هتد.

- ئەم توێژینەوەیە نەی توانیوە هیچ زانیارییەک لەسەر جۆری خێر و نەزر وقوربانی کردنی (٣) لەم چاک و شەخسانە بەدەست بهێنێن، بۆیە نازانرێت، کە ئەم شەخس و چاکانە لەلایەن خەڵکییەوە قوربانی و نەزر و خێریان بۆ کراوە یان نا؟

- ئەوەی لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەوە دەستمان کەوت سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە کۆمەڵگەی کوردیش وەکو هەموو کۆمەڵگەکانی تری ناوچەکە و جیهان بێبەش نییە لە بیری ئەفسانەیی بە تایبەت بیری فرەخوداپەرستی، کە بە ڕوونی هەست بە بوونی پاشماوەکانی دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی کاریگەریی ئایینی ئیسلام بەشێوازێکی تر دەرکەوتووەتەوە، کە شەخس و چاک پەرستییە. کە دەشێت ئەمە وەکو بیرێکی جەوهەری ئەفسانەیی لە کۆمەڵگەی کوردیدا لێی بڕوانرێت.

## سەرچاوەکان

### یەک: کتێبی پیرۆز

- تەفسیری ئاسانی قورئانی پیرۆز، لێکدانەوەی بورهان محمد امین.

### دوو: کتێب


- ئریکسۆن، ئیریک (٢٠٠٦)، خواوەند و پاڵەوانەکانی گریلاند، و. تەها ئەمین هەڵەدنی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ٢، هەولێر.
- ئەلسەواح، فیراس (٢٠٢٢)، ئایینی مرۆڤ، و: خەسرەو مەحمود میراودەلی، چاپخانەی تاران، چ١، سلێمانی.
- السواح، فراس (٢٠٢١)، خوا و گەردوون و مرۆڤ' تێروانین لە مێژووی هزرە ئایینییەکان، و: کاوە تۆفیق، چاپخانەی ڕەهەند، چ١، سلێمانی.
- پناه، بهنام محمد (٢٠١٥)، نهێنیەکانی شارستانیەتی یۆنانی کۆن، و. زاهیر محمد رشید، دەزگای چوارچرا، چ٢، سلێمانی.
- چاک، ئەحمەد (٢٠٢٠)، ڕۆڵی کەسایەتییەکان لە ئەفسانەی کوردیدا، دەزگای چاپی خانی، چ١، سەقز.
- قادر، صلاح الدین محمد (٢٠١٩)، ئایینی زەردەشتی پێشینە و ڕواڵەتە تازەکەی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان، چ١، هەولێر.
- لەسووە، یۆرگن (٢٠١٩)، مێژووی وێژەی دوواوان (میزۆپۆتامیا)، و. ڕەند زارعی، چاپخانەی مادیار، چ١، سنە.
- موسا، سەلامە (٢٠١٩)، سەرهەڵدانی بیرۆکەی خودا، و. سەرهەنگ سەرکەوت، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند، چ١، سلێمانی.
- ناردۆ، دان (٢٠٠٦)، ئوستوورەکانی یۆنان و ڕۆم، و. فەرهاد عەزیز خۆشناو، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، دەزگای موکریانی، چ٣، هەولێر.
- هیوم، دیڤد (٢٠١٧)، مێژووی سروشتی دیین، و. مەسعود بابایی، چاپخانەی تاران، چ١، سلێمانی.
- عزیز، ڕێبین ڕەسوڵ، دیار (٢٠٠٤)، ئەنترۆپۆلۆژیا، چاپخانەی ڕەنج، چ١، سلێمانی.


### سێ: نامەی ئەکادیمی


- عبدالرحمن، شڤان جرجیس (٢٠١٣)، ئەرک و ڕەگەزێن ئەفسانێ د چوار ڕۆمانێن دەڤەرا بەهدینان دا، چاپخانەیا پارێزگەها دهوکێ، دهۆک.


### چوار: دیدار و گفتوگۆ

گفتوگۆمان ئەنجامداوە لەگەڵ ئەم بە ڕێزانە[ii]:

- ئازاد همزه محمد – ٢٢/ ٢٠٢٤/٩
- ئیسماعیل سعید خدر – ٢٠٢٤ /٩/٢٨
- جوانمێر محمد حسن – ٢٠٢٤ /١٠/٤
- شێرزاد محمد عثمان – ٢٠٢٤ /٩/٢١
- گوڵە قادر اسماعیل – ٢٨/ ٩/ ٢٠٢٤
- شیراز ئیسماعیل سعید – ٢٠٢٤/٩/٢٨
- محمد احمد محمد – ٢٠/ ٢٠٢٤/٩
- محمد عبدالله احمد – ٢٠٢٤/١١/٣
- علی احمد محمد – ٢٠/٩/ ٢٠٢٤

## پەراوێز

1. بەری مەرگە لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە ناحییەی بنگردە لە قەزای دووکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی.

٢. لەم توێژینەوەیەدا، چونکە هیچ دەقێکی ئەفسانەیمان دەستنەکەوتوە تا پشتی پێ ببەستین، بۆیە ئەم بەرێزانە، کە خەڵکی گوندەکانی بەری مەرگەن و زانیارییان هەبوو لەسەر شەخس و چاکەکانی بەری مەرگە، بۆیە زانیاریمان لە ئەوان وەرگرتوە دەربارەی ئەو شەخس و چاکانەی، کە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیان پێکراوە

## التوسل بالصالحين وزيارة أضرحتهم كبقايا الفكر الأسطوري


### الملخص

يعد الشرك من السمات البارزة للفكر الأسطوري، ويعود تاريخه إلى المراحل البدائية، ولكن مع ظهور الديانات السماوية تمت تغييرات جذرية على هذا النوع من التفكير وطرق التعبير عنه. ولا يخلو المجتمع الكوردي كسائر المجتمعات الإنسانية الأخرى من بقايا هذا الفكر الأسطوري، ولديه مجموعة من العادات والتقاليد المرتبطة به، والّتي قد توارثها منذ العصور الأسطورية. تحاول هذه الورقة البحثية والتي تحمل عنوان (التوسل بالصالحين وزيارة أضرحتهم كبقايا الفكر الأسطوري)، مناقشة التوسل بالصالحين وزيارة أضرحتهم في قرى (بەری مەرگە) ودراستها، إضافة إلى بيان سبب الحفاظ على هذه الثقافة التي تعكس مع الوحدانية. ولذلك يفترض أنّ هذه الثقافة لها جذور قديمة، بحيث يعود تاريخها إلى المراحل المبكرة. بالإضافة إلى تسليط الضوء على العلاقة بين الشرك والتوسل بالصالحين وزيارة قبورهم. تتبع هذه الدراسة المنهج الوصفي التحليلي، وتحاول بيان حقيقة وهي أنّ الشرك قد تغير بعض سماته تحت تأثير الديانات التوحيدية، كما أعيد تنظيمه مع مبادئ الإسلام، ولكن مع ذلك بقى جوهر الفكرة الأسطورية ضمن تقاليد المنطقة. تكمن أهمية البحث في أنه يثبت أنّ التوسل بالصالحين وزيارة أضرحتهم كبقايا الفكر الشركي لا يزال يمارس في قرى (بەری مەرگە)، كما أكّدت الدراسة على أنّ المتجمع الكوردي كسائر المجتمعات الإنسانية الأخرى لم يكن خاليا من التفكير الشركي، ولكن بسبب تأثير الإسلام عليه، قد ظهر الفكر بطريقة مختلفة أخرى، وهو ما يمكن اعتباره الفكر الأسطوري بالنسبة للمجتمع الكردي. ومن النتائج المهمة التي وصلت إليها الدراسة هي، أن بعض الصالحين من أهل (بەری مەرگە)، مثل آلهة العصور الأسطوريه، تم تكليفهم بمهمة معينة وكان لا بد من التضحية إلیهم، بينما كان لا بد من النذر إلی بعضهم الآخری‌ن بأشياء أخرى، مثل: عين الجمل، اللوز، الرغيف، القمح المغلي، البرغل، الثريد، الملبسات، الفلوس، والكشمش... الخ.



**الكلمات الدالة:** *الفكر الاسطوري، عبادة الأموات، الشخص الصالح، النذر والصدقة، التضحية.*

**Resorting to Good and Personality as a Remnant of Mythical Thought**


## Abstract

Polytheism is one of the characteristics of mythical thought and its history dates back to the earliest stages, but with the emergence of heavenly religions, polytheism and its expression have changed radically. Kurdish society, like all other societies, is not without the remnants of this legendary thought and has a number of traditions related to this thought, which have been handed down since the legendary times. This paper, entitled “Resorting to Good and Personality as a Remnant of Mythical Thought”, attempts to discuss the culture of resorting to goodness and personality in the villages on the verge of death, and explain why this culture has been preserved despite its conflict with monotheism. Therefore, it is assumed that this culture has ancient roots and dates back to the early stages. In addition, the relationship between polytheism, recourse to the individual and piety is explained. This study follows a descriptive-analytical approach and attempts to show that polytheism has changed some of its characteristics under the influence of monotheistic religions and has been reorganized with the principles of Islam, but the essence of the mythical idea remains in the traditions of this region. The importance of this study is that it proves that resorting to good and personality is still practiced as a remnant of polytheism in the villages of Beri Marga. This study confirms that Kurdish society is not deprived of polytheism like all other societies Islam has reappeared in another way, which may be as thought The myth of Kurdish society should be looked at. One of the important conclusions of this study is that some of the good people of the villages of Beri Marga, like the gods of the mythical era, were assigned a certain task and had to be sacrificed, while others had to be vowed other things like walnuts, nuts, Sourdough, Danu, Wheat berries, cookies , Shlkena, money, raisins ... etc.



**Keywords:** *Mythical Thought, Death Worship, Person, Good, Sacrifice.*